# گەمەی شەیتان

**رۆبەرت دریفۆس**
**وەرگێڕانی رێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم**

تۆێژەرەوەی ئەمەریکی رۆبەرت دریفۆس تایبەتمەند لە بواری خۆرهەلاتی ناوەڕاست، لەم دووایانەدا کتێبێکی بەناوی
( گەمەی شەیتان) بلاوکردەوە، لەم کتێبەدا نوسەر باس لە رۆلی ئەمەریکا دەکات لە سەرهەلدان و هاوکاری کردنی ئیسلامی ئسولی... ( الوطن العربی ) ئەم چاوپێکەوتنەی لەم بارەوە لەگەلدا سازداوە...

<u>بۆچی کتێبەکەت ناو ناوە گەمەی شەیتان؟</u>

پەندێکی ئینگلیزی هەیە دەلێت ( ئەگەر وەک شەیتان گەمان بکەیت ئەوە هەرگیز چاوەڕێ ی بردنەوە مەکە )، لەگەمەی شەیتاندا ئەوانەی گەمەکە دەکەن کەسانی ساختەچی و دەستبڕن چەندین شێوازو رێگای پەسەندو ناپەسەند بەکاردێنن بۆ ئەوەی گەمەکە بەرنەوە، گەمەیەکی لەو جۆرە تەنها کەسانی دەبەنگ ئەنجامی دەدەن، مەبەستیشم ئەوەیە کاتێک ئەمەریکا یاری بە ئاین دەکات بەبێ ئەوەی گوێ بداتە ئەوەی کە ئەو گەمەیە هەرگیز مسۆگەر نی یە و زەحمەتە بتوانین دەسەلات بەسەر ئایندا زال بکەین، گەمەکە بە پێچەوانەی ئەو ئاقارە دەکەوێتەوە کە ئەو دەیخوازێت.

<u>ئەمەریکا کارتی ئیسلامییەکانی بەکار هێنا یان ئەوان کارتی ئەمەریکایان بەکار هێنا؟</u>

بە دلنیایەوە ئەمەریکا دیاردەی ئیسلامی ئسولی دانەهێناوە و لەم بارەوە من تێۆری کۆمپلۆ – موئامەرە – بە پەسەند نازانم چونکە لە هەناوی ئیسلامدا بەر لە 15 سەدەو هەر لە سەرەتاکانی ئیسلامەوە بۆچون و رەفتاری ئسولی هەبووە، لە کتێبەکەمدا باس لەوە دەکەم کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە بزوتنەوەکانی ئیسلامی تەوحیدی سەریانهەلداو چەند سەرکردەیەکی سەلەفی بەر لە پەیدابوونی بزوتنەوەی ( برایانی پوسلمان – اخوان ) پەیدابوون کە بانگەشەی ( قورئان چارەسەرە ) یان دەکردا!

هێزە ئیسلامیەکان و بزوتنەوەی ( برایانی پوسلمان) بێزاری خەلکیان لە داگیرکردن و ئیمپریالیزم و سەرهەلدانی زایۆنیزم قۆستەوە، بزوتنەوەی برایان بۆ نمونە دووسال پاش روخاندنی عوسمانیەکان سەریان هەلدا، لە سالانی سیەیکان و چلەکانی سەدەی پێشودا کەسانێک هەبوون کە دەیانویست لە پانتایی سیاسەتدا پێگەیەک بۆ ئیسلام بکەنەوە، لە پاکستان مەودودی بەرپەرچی رەتکردنەوەی خەلافەتی بە دامەزراندنی رێکخراوێکی ئیسلامی دایەوە،

کاتێ ئەمەریکا لە کۆتایی جەنگی جیهاندی دووهەمەوە پێ ی خستە ناو خۆرهەلاتی ناوین نەیدەزانی کاروباری ئەو ولاتانە چۆن بەرێوە دەچن، هیچ زانکۆو پەیمانگایەکی نەبوو بۆ توێژنەوە لەسەر ئیسلام، یەکەم کۆلێژی ئەمەریکی بۆ لێکۆلینەوە ی ئیسلام سالی 1947 لە زانکۆی برینستۆن لە لایەن مەسیحیەکانەوە دامەزرا، ئێمە بەکورتی خۆرهەلاتی ناوینمان بە میرات لە ئینگلیزو فەرەنسیەکانەوە بۆمایەوە.

<u>تۆ لە کتێبەکەتدا دەلێت کە ئینگلیزەکان ( برایانی پوسلمان) یان کردبووە ئەلقە لەگوێ ی خۆیان ، ئەم لێدوانە پروپاگەندەکانی عەبدول ناسرمان دەخاتەوە بیر تۆ کە توێژەرەوەیەکی بەناوبانگیت لەسەر چ بنەڕەتێک ئەم لێدوانەت داوە؟</u>

ئەوەی کە عەبدول ناسر دەیگوت درۆ نەبوو، لە سیەیکان و چلەکانی سەدەی پێشودا برایانی پوسلمان زۆر لە کۆشکی شاهانەو ئینگلیزەوە نزیک بوون، ئەو دوو لایەنە هەردوکیان کۆک بوون لەسەر ئەوەی

که دەکرێت بۆ لێدان و لاواز کردنی نیشتمان پەروەرانی میسر برایان بەکاربێنن، نکوڵی لەوەش ناکرێت که ئینگلیزەکان پەیوەندییان به برایانەوە هەبوو بەڵام من ناڵێم بەتەواوی کۆنترۆلیان کردبوون.

بەڵگەت لەسەر ئەمە هەیە؟

بەڵێ بەڵگە نامەیەکی بەریتانی هەیە باس لەوە دەکات که دەستەی دروستکردنی کەناڵی سوێس هاوکاری حەسەن البنای کردووە له دروست کردنی یەکەم مزگەوت له شاری ئیسماعیلیه ساڵی 1928 ، هەروەها بۆ دەست بەکار بوونی برایان هاوکاری دیکەی پێشکەش کردووە.

بەڵگە نامەیەکی دیکە هەیە که له کتێبەکەمدا بڵاوم کردۆتەوە باس له چاوپێکەوتنی سەعید رەمەزان دەکات لەگەڵ سەرۆک ئەیزنهاوەر ساڵی 1953 له کۆشکی سپی، هەروەک ئاشکراشە رەمەزان هاوسەری کچەکەی حەسەن بەنا بوو، سەنتەری ئیسلامی ی جنێفی دروست کردو پاشان بۆماوەی 40 ساڵی رەبەق بوو به یەکێک له گەورە بەرپرسانی بزوتنەوەی نێودەوڵەتی برایانی پوسڵمان.

رۆژنامەی وڵ ستریت جورنال باس لەوە دەکات که له ئەرشیفەکانی ( سی ئای ئەی ) دا سەعید رەمەزان وەک بەکرێ گیراوێک ناوی هاتووە، وێرای ئەوەش رۆژنامەیەکی سویسری باس لەوە دەکات که بەڵگەی نهێنی هەیە ئەوە دەسەلمێنێت ناوبراو کرێگرتەی ئینگلیزەکانیش بووە، وێرای ئەوەش بەڵگەی دیکە هەنە ئەوە دەخەنەروو که له نێوان ئینگلیزەکان و برایانی پوسڵماندا له ساڵانی پەنجاکاندا پەیوەندی نهێنی هەبووە بۆ ئەوەی لەدژی جەمال عەبدول ناسر بەکاریان بێنن، تەنانەت موفتی میسر ( الحسینی ) ئینگلیزەکان به تەواوی پشتوانی بوون.

بەڵام حوسەینی لەلایەن خودی ئینگلیزو فەرەنسیەکانەوە راودوونراوە!

ئەمە راستە بەڵام پاش جەنگی جیهانی دووەم و بەتاوانی مامەڵە لەگەڵ نازیەکان، هەروەها من مەبەستم ئەوە نی یه که بەکرێگیراو بوبێت، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە که پشتی گیراوەو هاوکاری کراوە هەروەک چۆن ئێستا له عێراقدا ئەمەریکا پشتی عەبدول عەزیز ئەلحەکیم دەگرێت که بەتەواوی دەستکردی ئێرانە، حەکیم ئەگەر ئەمەریکا پشتی نەگرێت هەرگیز ناتوانێت بگاتە دەسەڵات له عێراقدا، هەروەها ئەمڕۆش دەبینین که پارتی بانگهێشتی ئیسلامی

( حزب الدعوه الاسلامیه ) لەگەڵ سی ئای ئەی و دەزگای هەواڵگری بەریتانیا له کاتی هێرشدا بۆ سەر عێراق تێوەگلان و بوون به هاوکاریان! ئەو دەمە ئەمەریکا له پشتوانەیەک دەگەڕا بۆ له کار خستنی سەدام حسێن.

له کتێبەکەتدا باس لەوە دەکەیت که ئەمەریکیەکان به هاوپەیمانییان لەگەڵ ئیسلامیەکاندا له کاتی شەڕی ساردا خۆیان ئەژدیهاکەیان به خەبەرهینا ، ئەمە چۆنە؟

بەرلە هەموو شتێک ئەمەریکا ئەم ئەژدیهایەی دروست نەکرد، بەڵکو ئینگلیزەکان بوون که دروستیان کردن و ئەمەریکیەکانیش بەخەبەریان هێنا چونکە لەو باوەڕەدابوون که تەنها ئیسلامیەکان دەتوانن پێش له کۆمۆنیزم بگرن،

ئەودەمە ئەمەریکا گومانی له تەواوی کەسایەتیە نیشتیمانیەکان هەبوو، هەمویانی به ئەڵقە له گوێ ی کۆمۆنیستەکان دەزانی، هەرچەندە ئەو دەمە سی ئای ئەی پێشنیاری بۆ سەرۆک ئایزنهاور کردبوو که پشتی عەبدول ناسر بگرێت بەڵام دامەزراوەی سیاسی ئەو دەمە ریگەی لەوە گرت، عەبدول ناسر خۆشی هەوڵی زۆر دا چەک و پشتوانی ئەمەریکای بۆ دروست کردنی بەربەستی ( العالی ) دەستکەوێت بەڵام ئەمەریکا نەک پشتگوێ ی خست بەڵکو لەو باوەڕەشدا بوو که عەبدول ناسر کاسترۆیەکی دیکە دەبێت!

له یەکێک له بەشەکانی کتێبەکەتدا باس له وە دەکەیت که هەندێک بانکی ئیسلامی هاوکاری گروپە ئیسلامیەکان بوون ئایا ئەمەش چەسپیوە به بەڵگە؟

هەندێک بانکی ئیسلامی کە ڕەنگە بانکی زۆر گەورەش نەبن دەستیان هەبووە لە هاوکاری کردن و پێدانی پارەو پول بە ڕەوتە ئیسلامیەکان، خانەی پێدانی کوێت، بانکی کوێت، بانکی ئیسلامی لە تورکیا ...هتد ئەمانە هەموویان بەشێک بوون لە سەرچاوەی پێدان ( تمویل ) ی ڕەوتە ئیسلامیەکان بە تایبەت برایان، ئەمانە پارەوپولیان دابین کردووە بۆ قوتابخانەی ئیسلامی و زانکۆ و تەنانەت ڕۆژنامەی ئیسلامیش، لێرەدا خانەی پێدانی کوێت دەکەمە نمونە کە هێندە هاوکاری دارایی پێشکەش بە ئیسلامیەکان کردبوو تا بوونە هێزێکی زۆر کاریگەر لە گۆڕەپانی سیاسیدا، تەنانەت بنەماڵەی (ئال سەباح)یش بۆ لێدانی ڕەوتە نیشتمانیەکان و چەپەکان گوێ ی خۆیان لە پێشڤەچونی ئیسلامیەکان دەخەواند، بە هەمان ئەم شێوەیە هەمان هەڵە لە چەندین وڵاتی دیکەی عەرەبیدا دوپات کرایەوە، سادات بۆ خۆی یەکێک لەوانەی کە ئەم کارەی ئەنجامدا کەچی لە ئەنجامدا سەری خۆی خوارد!

<u>بۆچی ماوە نەدرا لە جەزئر ئیسلامیەکان بێنە سەرکار پاش ئەوەی لە هەڵبژاردنێکی دیموکراتیانەدا زۆرینەی دەنگیان بەدەست هێنا؟</u>

ئەمەریکا کودەتای سەربازی لە جەزائر ئەنجام نەدا بەڵکو تەنها پاش ئەوەی چینی سەربازی دەستڕۆشتۆی جەزائر هەستان بەو کودەتایە و ئەنجامیاندا ئەمەریکا دانی پیادانان، لە لایەکی دیکەشەوە ئەمەریکا دەسەڵاتیکی ئەوتۆی بەسەر جەزائردا نەبوو.

<u>بۆچی لە ئێران و عێراق ماوە بە ئیسلامی شیعە دەدرێت دەسەڵات بەدەست بگرن کەچی لە هیچ دەوڵەتیکی عەرەبی و ئیسلامیدا ماوە بە ئیسلامی سونە نادەن دەسەڵات بە دەست بگرێت.</u>

ئەمە پرسیارێکی ئاڵۆزە، ئەوەی لە ئێران رویدا، هەموو بۆچونەکانی لەسەر ئیسلام گۆڕی، چەندین کەسایەتی سونەش لەوانە سەعید ڕەمەزان پشتیوانیان لە خومەینی کرد.

شیعەکان ڕۆژێک لە ڕۆژان بڕوایان بە مەسەلە عەرەبیەکان نەبووە بەڵکو بایەخیان بە شتی دیکە داوە، لەم بارەوە چەندین توێژینەوە هەیە کە هاوکاری لەگەڵ شیعەکاندا پێ باشە چونکە جێگەی باوەڕن بە پێچەوانەوە کە سونەکان

کەمتر جێگەی بڕوا بوون، تەنانەت کەسانی وەک ریشارد بیرل و دانیل بلیتکا بانگەوازی دامەزرانی چەندین دەوڵەتی شیعەیان لە ناوچەکەدا دەکرد.

ئینگلیزەکان لەوەش زیاترڕۆشتن، ناوی سیخورەکانی ( کەی جی بی ) شیان لە تاران کە لە سەرچاوەکانی خۆیانەوە دەستیان کەوتبوو پێشکەش بە خومەینی کرد، ئەمەش ئەوە دەگەیەنی کە بە شێوەیەک لە شێوەکان ئینگلیز هاوکاری خومەینی کردووە، لە هەمان کاتیشدا پارێزگارە تازەکان ( موحافەزە کارەکان ) ی وەک ریتشارد بیرل و مایکل لیدین لەگەڵ ئیسرائیل ڕێکەوتن کە لە نێوان ساڵانی 1981– 1985 چەک بۆ ئێران ڕەوانە بکەن.

<u>باشە دەبێت بۆچی ڕاستی پارێزگار پشتوانی لە خومەینی بکات؟</u>

لەبەر ئەوەی سەدام هەڕەشەی لە ئیسرائیل دەکرد، کەواتە هەڕەشەی سەدام بۆ سەر ئێران و ئیسرائیل ئامانجێکی هاوبەش لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتە پێک دێنێت، ئەمەش بۆ خۆی گەمەی شەیتانە، بۆ نمونە سەیری پارتی خودای لوبنانی بکە کە سەرەتا دژی ئیسرائیل نەبوو، بەڵام وای لێکرا ببێت بە دوژمنی ئیسرائیل، لەلام سەرير نابێت ئەگەر دیسانەوە شیعەو پارتی خودا لە بەرژەوەندی ئیسرائیل هەڵسوڕێنەوە.

<u>ئەی لەسەر چ بەڵگەیەک باس لەوە دەکەیت کە حەماس دەستکردی ئیسرائیل خۆیەتی؟</u>

ساڵی 1967 کە ئیسرائیل غەزەی داگیر کرد ، هەموو هەڵسوڕاوەکانی برایانی پوسڵمانی ئازاد کرد کە عەبدول ناسر دەستگیری کردبوون لەوانەش ئەحمەد یاسین. ئەو دەمە ڕێکخراوی ڕزگاری خوازی فەلەستین زۆر بەهێز ببوو بە ڕادەیەک کە مایەی هەڕەشە بوون بۆ ئیسرائیل، بۆیە هەندێک لە

بەرپرسانی ئیسرائیل بڕیاری ئەوەیاندا کە بۆ لاواز کردنی ئەو نیشتمانیانەی ناو فەتح پشتوانی لە هەندێک ڕێکخراوی ئسولی ئیسلامی بکەن و ڕێگەیان بۆ خۆش کەن تا بەرە لەژێر پێی ئەواندا دەرکەن.
لە نێوان سالانی 1967–1977 ئیسرائیل ماوەی دەدا کە پارەو پولی دەولەتە عەرەبیەکان بگاتە دەست ئیسلامیەکان بۆ دامەزراندنی قوتابخانەو نەخۆشخانە، پاش هاتنە سەرکاری لە ئیسرائیل ، مناحیم بیگن ماوەی دا کە ئەحمەد یاسین لە ناوچە داگیرکراوەکاندا کۆمەڵەیەک بکاتەوەو گەشەی پێ بدات، دیڤد شیبلەر پەیامنێری نیۆرک تایمز پێ ی ڕاگەیاندم کە ژەنراڵێکی ئیسرائیل باسی ئەوەی بۆ کردووە گوایا ئیسرائیل خۆی هاوکاری دارایی چەندین گروپی ئیسلامی کردووە تا گەشە بکەن و فەتح لاواز بێت!
<u>بەڵگەت هەیە لەسەر ئەمە؟</u>

چارلز فریمان باڵوێزی ئەمەریکا ئەوەی پێ ڕاگەیاندم کە ئیسرائیل خۆی حەماسی دروست کردووە، ئیسرائیل هەرگیز ماوەی نەداوە کە فەتح یان هەر ڕێکخراوێکی دیکەی فەلەستینی لە زەویە داگیرکراوەکاندا چالاکی ئەنجام بدەن، ئیسرائیلیەکان بەو چاوە سەیری بزوتنەوە ئیسلامیەکانیان دەکرد کە گروپی بچوکن و دەبنە مایەی بێزارکردن و لاوازکردنی گروپە نیشتیمانیەکان، نەیان دەزانی ڕۆژێک لە ڕۆژان لە پرۆسەی هەڵبژاردندا لە ڕێکخراوی ڕزگاری خوازی فەلەستینی دەبەنەوە. ئەحمەد یاسین لە سالانی شەستەکاندا بە ئیسرائیلی گوتبوو کە ئەو دەیەوێت بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی فەلەستین بکاتە ئامانج نەک ئیسرائیل، لێرەدا مەبەستم ئەوە نی یە کە ئەحمەد یاسین کرێگرتەی ئیسرائیل بووە بەڵکو دەیویست ڕێکخراوەکەی گەشە پێبدات با لە ڕێگای ئیسرائیلیشەوە بێت!
<u>بۆچی هەمیشە ئەو بالۆرەیە دەڵێنەوە کە گوایا ئەمەریکا خۆی هاوکاری بن لادنی کردووە بە مەرجێک بن لادن خۆی لە چەندین بۆنەدا ئەوەی دوویات کردۆتەوە کە فلسە سورەیەکی لە ئەمەریکا وەرنەگرتووە؟</u>
چاوپێکەوتنم لەگەڵ چوار کارمەندی ( سی ئای ئەی ) دا کردووە، هەموویان جەختیان لەسەر ئەوە دەکردوە کە ئەمەریکا هاوکاری بن لادنی نەکردووە، بەلام ئەوە بزانە ( سی ئای ئەی ) بەڕێوە بەرایەتی ئەمەریکا نییە ، بەڵکو بەڕێوەبەرایەتی ئەمەریکا چەندین بەش و لقی هەیە کە دوور نی یە بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ مامەڵەیان لەگەڵدا کردبێت، ئەمەش زۆر ڕێ ی تێدەچێت بە تایبەت ئەگەر زانیمان کە سیاسەتی فەرمی ئەمەریکی لەو ماوەیەدا بریتی بوو لە پشتوانی موجاهدەکان تەنانەت ئەوەشیان لە خومەینی رادەبینی کە دژایەتی سۆڤیەتی پێ بکەن!!